# بەدەم ڕێوە

گۆشەیەکە لە ڕۆژنامەی ناوەند

## پەیوەندی کوردی و سوڕی مەلارییا و پەیماننامەی سایکس پیرمام

**عەلی مەحمود محەمەد**

پەیوەندی نێوان هەردوو پارتە دەسەلاتدارەکەی کوردستان وەك سوڕی مەلاریا وایە لە جەستەی مرۆڤدا , لە هێلکە دانانەوە بۆ تەقاندنەوە , تا نەخۆشییەکە دەمرێت خولەکە لە کاتی دیاریکراودا دوبارە دەبێتەوە بە بێ هەڵە . ینك و پدکیش پەیوەندی نێوانییان لە پەیماننامەوە بۆ شەڕی کەپکی حەمەداغا , لە هاوپەیمانیەتی ستراتیژییەوە بۆ شەڕی ئەنجومەنی قەڵاو منارە , لە هەلگرتنی چڵە زەیتونەوە بۆ دارکاری دەنگدەران .... , دوای هەر تەقاندنەوەیەکیش لەرز چاوەڕوانی جەماوەرە .

گرنتی سەد لە سەد بە جەماوەر دەدەم ئێستا شەر لە دەست ئەواندا نەماوە لە کوردستان , بۆیە ترسی شەڕ لە جەستەی خۆتان دەرکەن , ڕاستە تورەگە لە سەرنان یاساغ کراوە لە دوای ڕوداوەکان ئەبو غرێبەوە , بەلام ئەلتەرناتیڤی دیاریکراوە بۆ بەرپرسانی شەڕی ناوخۆیی , کەسیش لە بەرپرسان ئامادە نیین خۆیان بکەن بە بن لادن و زەرقاوی پاش کۆکردنەوەی ئەم هەموو سەروەت و سامانە , سەدام ئاسا لە کونە جرجا خۆیان بدەن بە دەستەوە .

پاش تەواو بوونی کۆبونەوە داخراوەکەی نێوان هەردوو سەرکردە لە پیرمام , مام جەلال ووتی:– من پاڵێوراوی لیستی دیموکراتی کوردستانم بۆ پۆستێکی سیادی عێراقی . باوەڕکەن من ئەمەم پێ ناخۆش نییە , خۆ مامە دەتوانێت یەك ملیۆنی وەك یاوەر بەرێتە سەر ئاوو ئاویشی نەداتێ , هەرچەندە ئەو دڵی وا نییە و ئامادەیە دوکانیش تاپۆ بکات لە سەری . کە باسی چاکسازییان کرد لە ڕێزی ینك زەندەقم چوو , لە بەر ئەوە نا شرە مانگانەیەکم هەبێت وەك تێکۆشەرێکی مەنتکی یان شوانی یان ساڵەیی , بەڵکە ئەوانەی نیازی چاکسازییان هەبوو , لۆچی ناوچەوان و مۆسیقای ورگییانم دەخوێندەوە . خۆزگەی ئەمرۆم لە ئاخی سبەی پێ باشتربوو .

بەس ئێستا ئەمەیانم پێ سەیرە لیستی هاوپەیمانی دیموکراتی هێشتا کەس نازانێت کێ ئەندامییەتی چۆن مامەی هەڵبژارد بۆ ئەو شوێنە کە لەو باشتری تێدا نییە ؟؟؟؟ , کەی و لە کوێ لیستەکە کۆبونەوەیان کرد ؟؟؟, ڕاستە لە شەریکایەتی شێرو چەقەڵ گۆشت بۆ شێرە و ڕیخۆڵەش بۆ چەقەڵ , بەلام دیموکراسییەت جیایە لە یاسای جەنگەڵ , باشە پارتە هاوپەیمانەکان دیکەو تورکمان و ئاشورییەکان کوردستان بەمە ڕازین ؟؟؟ , یان هەر ئەبێت لە گوپی خۆیان بدەن , خۆ پرسە گورگانەشییان پێبکرێت هەر باشە بۆ بچمی دیموکراسییەت . لە کاتێکدا کاك مەسعود ئەو هەڵبژێرێت بە ناوی لیستی دیموکراتی کوردستانەوە بۆ ئەو پۆستە , کەچی ناوی خۆی لە لیستەکەدا هەر نییە ! ! ! . ئیتر نازانم چ یاسایەك ئەو مافەی دەداتێ , اللاهو یەعلەم .

هێشتا پەرلەمان لە لایەن کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەوە ناوەکانی دیاری نەکراوە مامەڵەی کورد تەواو بوو , تەنها پەنجە بەرز کردنەوە بۆ پەرلەمانتاران ماوەتەوە , هاوکات مامەش کاك مەسعودی هەڵبژارد بۆ سەرۆکی هەرێم ,ئەم پۆستەش نوێیە خوا بکات پەرلەمانتارانی داهاتوو بتوانن یاسایەك بەباڵای ئەم بڕیارە بدورن , سەرۆکی بێ منافسمان بۆ دیاری بکەن لە کوردستان , ئیتر نازانم کاك مەسعود بووە ڕابەری کوردستان بەرنامەکان ینك لە مانگانەی قەیرە کچان و پرۆژەی

ڕوبارەکەی هەولێر و بەهۆنگ کۆنگ کردنی قەڵاو منارە جێبەجێ دەکات یان هەر لەسەر کارەکان خۆیان بەردەوام دەبن , کە خەریك بوو ئەمجارەش بە دوربین هەولێر نەبیننەوە ؟؟ .

ئەمە قۆناغی گەرا دانانی مەلاریای ئەمڕۆیە و پەیوەندی هەردوولا گەرم و گوڕە , چاوەڕوانی تەقاندنەوەی بکەن لە خولی داهاتوو, 11 مانگی دیکەیەو خولێکی کەی هەڵبژاردن ئەنجامە درێتەوە ؟؟. ئەوجا بزانیین ئەو ماوەیە چی لە کەشکۆلی خۆیانا بۆ گیان یەکتر هەڵەگرن !!!!.